# دەزانم چەند بیرمدەکەی !

(بە کچە هونەرمەندی کورد "کانی" پێشکەشە)

سالح بێچار - سلێمانی
becharsalih@yahoo.com

هەموو رۆژێ مەلی خەیاڵ
دەمباتەوە بەرەو وڵات
هەموو شەوێ باڵی خەونێ
هەڵمدەگرێو دێمەوەلات
***
وەك هەناسەم لێم نزیکی
ئەی ئازیزە زۆر دوورەکەم
رۆژم بـەتــۆوە رۆشــنەو
شەویش چرای بۆ ژوورەکەم
***
تۆ ئەو خۆرەی چەند دووریش بیت
تیشكو گەرمییت هەر دەمـگاتـێ
سۆزت ئاسمانـی سەر سەرمـە
جـێمـناهـێـڵـێ تـەنیا ساتـێ
***
هەر بە سۆزی ئاوازەکەت
دەزانم چەند بیرمدەکەی
بە ئومێدی بە تۆگەیشتن
ئەمرۆ دەسپـێرم بە سبەی
***
دووریـیـت بۆ من بیابانێکە
بێ سێبەرو کەپرو سابات
جار جار شنەی تەلەفۆنێ
دێت بە هانای رۆحم دەگات
***
رۆژانـی مـن لە دووریـی تۆ
دێنو دەڕۆن بەخۆڕایـــی
سەیری هەرچی شتێك دەکەم
ئـــاماژەیـە بۆ تـەنیـــایـــی !